# ڕێگەی سۆفیا بەرەو جیهان
## ئامادەکردن و نووسینی ڕۆژنامەنووس: تۆماس ئەسپەڤیک و دۆکۆمەنتاریستی ڕادیۆ: هانا سکریکەرود

لە نەرویجییەوە: ڕۆژا حوسێن

سۆفیا هەموو جیهانی داگیرکرد. کەچی ڕۆمانەکەی یوستەین گۆردەر لە شانشینی نەرویج بەر لە ٢٥ ساڵ بەرەوڕووی بەرهەڵستیی زۆر بووەوە.
«مرۆڤ هەمیشە پرسیارە وجوودیەکانی لە خۆی کردووە»، لە ڕەشنووسەکەی یوستەین گۆردەر دا لە ساڵی ١٩٩١ وا نووسرابوو. بەڵام نووسەر زۆر ڕازی نەبوو نە لە ڕستەکە و نە لە خودی پرۆژەکەش، کە بۆ نووسینی کۆمەکیی لە یەکێتیی نووسەرانی هزریی نەرویجەوە وەرگرتبوو.
گۆردەر ئەو کات بیریکردوە نا، ئەوە بێزارکارە و ئەو سی لاپەڕەیەی، کە لەسەر مێزی نووسینکەی بوو فڕێیدا. ئینجا لە پڕێکدا سۆفیا سەریهەڵدا.



*** من بیری ئەوەم بۆهات، کە دەربارەی کچێک بنووسم بەناوی سۆفیا. ئەو کچە لە خوێندنگە دەگەڕێتەوە ماڵەوە و سندووقی پۆستەکە دەکاتەوە. لەوێدا نامەیەکی تێدا دەبێت، کە لێی نووسراوە «تۆ کێیت؟».**

درێژەی چیرۆکەکە زۆرییە دەیزانن. یان ئایا بەڕاستی دەیزانن؟ «جیهانی سۆفیا»ی بە چەند مانگێکی کەم نووسی.
گۆردەر لە ۱۹۹۱ دەستی بە نووسینی «جیهانی سۆفیا» کرد، بەڵام ئەو بێ پێشینە نەبوو. ئەو مامۆستای فەلسەفەیە و چەند پەڕتووکی بڵاوکردبووەوە. ساڵی پێشتر واتە لە ساڵی ۱۹۹۰، بە ڕۆمانی «نهێنی یاری کاغەز» ناوبانگی ئەدەبیی بۆ خۆی پەیداکرد. گۆردەر، هەم خەڵات و هەم پارەی دەستکەوت، وردە وردەش بیری لەوە کردەوە، کە هەموو کاتی خۆی بۆ نووسین تەرخان بکات. بەڵام یەکەم شت ویستی پەڕتووکێکی بچووک بنووسێت.

* من بە سیریی (هاوسەرەکە)م وت پەڕتووکێک دەنووسم، کە بۆ چەند کەسێکی کەم گرینگ دەبێت، لەبەرەوە پارەیەکی وای لێقازانج ناکەم. ئیتر ئەویش پێی وتم، کە دەبێت بە خێرایی بینووسم.
گۆردەر، بە قسەی ژنەکەی دەکات. ئەو لە هاوینی ۱۹۹۱ لە شەووڕۆژێکدا ۱۸ سەعات دەنووسێت. ئامانجی ئەوە بوو، کە پەڕتووکەکە لە پاییزدا دەربچێت.

- **من دەمویست بە زووترین کات پەڕتووکەکە دەربچێت. چەندین جار بەسەیارە دەچووم بۆ فڕۆکەخانەی فلێسلاند تا دەستنووسەکە بگەینمە ئەو فڕۆکەیەی، کە شەو لەو فڕۆکەخانەیەوە دەڕۆشت بۆ ئەوەی بەیانیەکەی بگاتە دەستی نووسینگەی سەرنووسەر لە چاپخانەی ئاسکەهەوگ.**

دوای هاوینێکی چڕوپڕ، لەسەرەتای مانگی ئەیلولدا گۆردەر دەستنووسە تەواوکراوەکەی ڕادەستی چاپخانەکە کرد. دوای ئەوە هەندێک کاری پێداچوونەوەی مابوو بەرلەوەی بۆ دواجار لە ۱۱ ی نۆڤەمبەردا دەقەکە بنێرێت. کەمتر لە مانگێکی پێچوو، پەڕتووکەکە لە چاپخانە هاتەوە.

- **۱۵ تا ۲۰ ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی «جیهانی سۆفیا»ش نەمدەوێرا بڵێم، کە حەقیقەتەکە ئەوەیە، کە نووسینی پەڕتووکەکە تەنیا چەند مانگێکی خایاندووە، گۆردەر بەم جۆرە دانیپێدادەنێت.**

## به گومان بوو له پڕۆژەکە

٥ی دیسەمبەر«جیهانی سۆفیا» لە چاپخانەی ئاسکەهەوگەوە دەرچوو. بەڵام ئەمە هەروا بێهیچ بەرهەڵستییەک نەبوو. چەندین کەس لە دەزگەی چاپەکە بە گومان بوون لە پڕۆژەکە، یەکێک لەڕاوێژکارەکان، کە ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنەکەیان نووسیبوو بە ڕۆشنیی ڕای وابوو، کە ئەم پەڕتووکە زۆر سەخت دەبێت بۆ ئەوەی، وەک پەڕتووکێکی تایبەت بۆ گەنجان چاوی لێبکرێت.
دواجار سەرنووسەری دەزگەی ئاسکەهەوگ، ئێرجا تۆرێنسفێلد، خۆی کەیسەکەی گرتە دەست و لە خەمی دەرچوونی پەڕتووکەکەدا بوو. ٢٥ ساڵ دوای ئەوەش هێشتا بەباشیی ئەو گفتوگۆیانەی لەبیرماوە، کە بە دەوری ئەو دەستنووسەدا کرابوون.




٥ی دیسەمبەری ١٩٩١ «جیهانی سۆفیا» لە چاپخانەی ئاسکەهەوگەوە دەرچوو. چەند هەفتەیەکی کەم دوای ئەوە ١٠،٠٠٠ دانەی لێفرۆشرا.
ئێرجا وا دەڵێت: چەند ڕایەکی وا هەبوو، کە دەتوانرا پەڕتووکەکە باشتر گەشەی پێبدرێت و هەندێک دڵنیا نەبوون لەو تێکەڵکردنەی ژانرەکان لەو پەڕتووکەدا و ئەوەی کە بۆ چ خوێنەرێک گونجاوە.
کاتی بڵاوکردنەوەکەی، ڕێک بەر لە جەژنی لەدایکبوونی یەسوع بوو، ئەوەشیان شتێک بوو، کە زۆر نادڵنیایی هەبوو دەربارەی گونجاویی.
بەڵام هەر زوو دەرکەوت، کە نیگەرانییەکان پێویست نەبوون. ڕۆژی بڵاوکردنەوەکەی لە ڕۆژنامەی داگبلادە «dagbladet» ڕانانێکی پڕ لە تامەزرۆیی دەربارەی بڵاوکرایەوە و تا ئێوارەی سەری ساڵی نوێ ١٠،٠٠٠ دانە لە «جیهانی سۆفیا» فرۆشرابوو.
بە جورەتترین ڕۆمانی ساڵ «جیهانی سۆفیا – ڕۆمانێک دەربارەی مێژووی فەلسەفە»ی یوستەین گۆردەرە، کە ٥١٠ لاپەڕەیە. پڕۆژەیەک، کە سەرەنجام دەکرا ببێتە گەمەکردنێکی ئاڵۆزی هزریی. لە جیاتی ئەوە زۆر چاک هاتە دەستیەوە.»[1]

**ڕەخنەگرە ئەدەبییە ڕەشبینەکان**
سەرباری ئەوەی دەستپێکێکی باشی هەبوو، دواتر سەرنجی ڕەخنەگرانەی زۆر هەبوو لەسەری. یون ئۆلبۆرگ، لە ڕۆژنامەی ڤۆرت لاند ڕای وا بوو، کە ڕۆمانەکە زیادی لێبارکراوە. ئەو ڕای وابوو، کە ئەو ٥٠٠ لاپەڕەیە زۆرە و ڕەنگە هەندێک لە گەنجان لە خۆی دوور بخاتەوە.
هەمانشت میا بوڵ گویندەرسەن، کە ئەو کاتە لە ڕۆژنامەی داگینس نارینسلیڤ ڕەخنەگری ئەدەبیی بوو، پێی وابوو، کە گۆردەر سەرکەوتوو نەبووە. ئەو بەتایبەت لەوە ڕەخنەی هەبوو، کە لە ناوەڕاستی پەڕتووکەکەوە تەکنیکی گێڕەرەوە دەگۆڕێت بۆ تەکنیکی گێڕەرەوەی هەمووشتزان.

«لەوێوە ڕووداوەکە زۆر دروستکراو دەردەکەوێت. چیرۆکەکە خەریکە بیزارکار دەبێت، ئەو پێوەندییە جوانەی نێوان واقیع و خەیاڵ لە کۆتاییی پەڕتووکەدا دەکەوێتە بەر هەڕەشەی تاکشێوەیی.»[٢]
بوڵ گوندەرسەن، ئێستا ڕاوێژکاری باڵایە لە دەزگەی چاپی ئاسکەهەوگ. دەڵێت: ئەو و گۆردەر پێکەوە زۆر باسی ئەو ڕانانەی پەڕتووکەکەیان کردووە.
بوڵ گویندەرسەن، بە نەرمە زەردەخەنەیەکەوە دەڵێت: بەڵێ ئێمە زۆر قسەمان لێکردووە و پێی پێکەنیوین. دایکم ڕۆژنامەکەی بۆی هەڵگرتبووم و لەم دواییەدا، کە لای دایکم شتەکانم ڕێکدەخست دووبارە بەرچاوم کەوتەوە.
بوڵ گویندەرسەن پێی وایە، کە ئەو ئێستا کراوەتر سەیری شکاندنی ڕێسای ژانرەکان دەکات. دەڵێت: ئەو کاتە ئەو تێکەڵکردنە تۆزێک بەلامەوە نوێ بوو.

**«جیهانی سۆفیا»، کە بە ئەڵمانیی بڵاوبووەوە ئیتر دەنگی دایەوە**
دوو ساڵی تەواوی بەسەر ئەو ڕانانەی پەڕتووکەکەدا تێنەپەڕی بوو، کە بوڵ گویندەرسەن بوو بە بەرپرسی مافی چاپ لە دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاسکەهەوگ. ئەو دەبوو مافی وەرگێرانی پەڕتووکەکان بفرۆشێتە چاپخانەی وڵاتانی تر، یەکێک لەو کتێبانەی لە لیستەکەدا بوو «جیهانی سۆفیا» بوو.

- ئەوە لە هاوینی ١٩٩٣ دا بوو، کە «جیهانی سۆفیا» بە زمانی ئەڵمانیی دەرچوو. دەنگی دایەوە و داواکاریی زۆری لەسەر بوو. کاتێک لە فرانکفۆرت لە پێشانگەی پەڕتووک بەشداربووم، خاوەن دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەکان




بە هورووژم لە هەموو گۆشەیەکی جیهانەوە لێم کۆببوونەوە و ئەوەندە نزیک ببوونەوە لێم، خەریک بوو دەستێن بەر شان و قژم دەکەوت. لێم ئاڵابوون بۆ ئەوەی مافی چاپکردنی «جیهانی سۆفیا» وەربگرن.

ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بۆ زۆریینە چاوەڕوان نەکراوبوو، تەنانەت بۆ تورێنفێلدی بەڕێوەبەری ئاسکەهەوگیش.

- من پێم وانەبوو، کە ببێتە پڕفرۆشترینەکان، ئەگەرچی ڕام وابوو، کە بێەندازە جوانە. ڕاستیەکەی ئێمە زۆر ڕازییبووین، کە پێش جەژنەکانی سەری ساڵ ١٠،٠٠٠ دانەی لێفرۆشرا.

ئەو پێی وایە، کە سەروتاری ڕۆژنامەی «ئینفۆرمەیشن»ی دانیمارکی بووە هۆکاری ئەوەی، کە ڕادەی فرۆشەکەی زیادی کرد.

تەنیا یەک ڕۆژ دوای ئەوەی، کە پەڕتووکەکە لەو ڕۆژنامەیەدا باسکرابوو، بەجۆرێک خەریک بوو وەک شەڕی خوێندنی فەلسەفە لە خوێندنگەکاندا باس دەکرا. «جیهانی سۆفیا» بووە ئەو نموونە باشە و ئیتر تەلەفۆنکردن لە دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە دانیمارکییەکانەوە دەستی پێکرد.

**قەت لووتبەرزانە مامەڵەی نەکرد**

یاریەکە دەستی پێکرد و گۆردەر دەبوو لەگەڵی بڕوات و کاتی بداتێ، ئیتر شتەکان دەربارەی فیلم یان سیدی، موسیقا یان پەڕتووکەکان بوو.

کتوپڕ نووسەر نەیدەتوانی لە شارێکی فەرەنسی یان ئیسپانییدا بجوڵێتەوە بەبێ ئەوەی لە هەموو جێیەکەوە قسەی لەگەڵ نەکرێت. ڕۆژنامەنووسەکان لەوپەڕی دنیاوە ئەم سەرە و سەر بە فرۆکە دەهاتن تا چاوپێکەتنێکی لەگەڵ سازبدەن. جارێکیان



که نووسەر لە وارشۆ دابەزیبوو، بینیبووی فەرشێکی سووریان لە بەردەم دەرگەی فڕۆکەکەوە بۆ ڕاخستووە.

گۆردەر دەستی لەسەر دڵیەتی و دەڵێت: قەت بەلووتبەرزییەوە مامەڵەی نەکردووە. ئەو ئێستا خۆی دڵخۆشە بەوە.

- لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەوە وای کرد دوای ئارامبوونەوەی بارودۆخەکە و کەمبوونەوەی ئەو هەموو سەرنج و گرینگیپێدانە هەست بە کەمبایەخیی نەکەم.

**دەرگەی دەرەوەی وڵاتی بە ڕووی ئەدەبی نەرویجییدا واڵاکرد**

ئەوە بەتەنیا گۆردەر نەبوو، کە لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی «جیهانی سۆفیا» بەرەو سەرەوە چوو. کریستین برودەقۆڵ، بەڕێوەبەری پێشووی NORLA (سەنتەری ئەدەبیاتی نەرویجیی لە دەرەوەی وڵات) دەڵێت: کە ئەو ڕۆمانە ڕێگەی دەرەوەی وڵاتی بۆ پەرتووکی ئەدەبیی دیکەی نەرویجیی خۆش کرد.



- چەندین دەرگە بەڕووماندا کرایەوە. بەگرینگی پێدانێکی زیاترەوە پێشوازییمان لێکرا. لەپڕێکدا نەرویج لەسەر نەخشە بە جۆرێکی جیاوازتر دەرکەوت.
- بەڕێوەبەری پەرتووکخانەی نیشتیمانییش، ئاسلاک سیرا میهرە، پێی وایە، کە کەرتی پەرتووکی نەرویج دەبێت سوپاسگوزار بێت

لـە بەرانبـەر گـۆڕدەر دا.

- «جیهانـی سـۆفیا» سـەرەتای کەوتنەبەرچاوی ئەدەبی نەرویجیی بوو لـە دەرەوەی وڵات. ئەم سـەرکەتنە بووە هۆی ئەوەی جیهان چاوی بچێتە سـەر ئەدەبی وڵاتێکی بچووکی وەک نەرویج. دوای گـۆڕدەر نووسـەرمان هەیە، وەک ئۆسنە سـەیشـتاد، یـو نێسبو، پێـر پێتەرسـەن، داگ سولسـتاد، لین ئولمـان و کارڵ ئۆڤـە کناوسـگـۆرد، کـە هەموویـان لەسـەر ئاستی نێودەوڵەتیی پڕفـرۆش بـوون.
- ئاسڵاک ڕای وایە، کە ئەو کاتەی کە لە پێشانگای پەڕتووکی فرانکفۆرت نەرویج یەکێک لە وڵاتە سـەرەکییەکان بوو، ئەم گرنگیپێدانە گەیشتە لووتکە. ئەمـەش بەبێ «جیهانی سۆفیا» ڕوویندەدا.

## وەرگێڕانەکان لای خۆی هەڵدەگرێت

سـەرباری پێشوازییەکی هەمە جۆر، «جیهانی سۆفیا» سـەرکەوتنێکی گەورەی جیهانیی بوو. ٢٥ ساڵ دوای ئەوەی پەڕتووکەکە دەرچوو، بۆ ٦٤ زمان وەرگێڕرداوە، کە ٥٠ ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە.




گۆڕدەر لە ماڵەکەی خۆیدا، کە ڤێلایەکی خشتی سـوورە لـە سلێمداڵ، دەڵێت ئـەو هۆشـیارە بـەو سـەرکەوتنە: چەندیـن مەتـر ڕەفـە بـۆ وەرگێڕانـە جیاوازەکانی پەڕتووکەکـەی تەرخانکـراوە.
نووسـەر دانبـەوەدا دەنێت، کـە شـانازیی دەکات بـەوەی، کـە «جیهانـی سـۆفیا» تـا ئەو ڕادەیە دوور ڕۆیشتووە لـە جیهاندا.
بـە سـووعبەتەوە دەڵێت: هەمـوو جـار دەڵێـم وازم لـەوە هێنـاوە زمانـەکان بژمێـرم، کـە بـۆی وەرگێـڕدراوە، بەڵکـو هـەر پیتـەکان دەژمێـرم. لەهەمـان کاتـدا وەرگێـڕدراوە سـربییەکە دەگرێتـە دەسـتەوە و دەڵێـت: سـەیری ئەمـە بکـە، ناشـیرینترین بەرگـە. ئەمـە «جیهانـی سـۆفیا»یە بـە سـربی. بـە پێکەنینێکـەوە دەڵێت: ئەمـە زیاتـر لـە «لۆلیتـا» دەچێت تـا لـە سـۆفیا.
بـەڵام گـۆڕدەر جەخـت لـەوەش دەکاتـەوە، کـە ئـەو هەریـەک لـەو

وەرگێڕانانەی خۆشدەوێت، کە بەسەریەکەوە ٥٠ ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە.
نووسەر ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو ژمارەیە سەرگێژ دەکات ئەوەندە زۆرە. دیعایەی وام بیستووە، کە ئەگەر هەموو پەڕتووکەکان لەسەر یەک کەڵەکە بکەیت دەگاتە مانگ.

- گۆردەر دەڵێت: جارێک لە شوێنێک بە وتارێک پێشوازییم لێکرا، ئەو کەسەی وتارەکەی دەدا وتی: کە ئەگەر هەموو پەڕتووکەکانی لەسەر یەک هەڵبچنێت ئەوەندە زۆرن دەگاتە مانگ.

## ڕەسمی بەرگی وەرگێڕانی سربییەکە

گۆردەر خۆی زۆر لەبەرگی سربییەکە ڕازی نییە و دەڵێ زیاتر لە لۆلیتا دەکات، تا لە جیهانی سۆفیا.

### ئێمە تێنەگەیشتووین

بەڵام چۆن دەکرێت پەڕتووکێک، کە ئەوەندە بەرهەڵستکاریی هەبوو بێت هەم لە دەزگەی چاپ و هەم ڕەخنەگرانی ئەدەبییەوە، کەچی سەرکەوتنێکی وا تۆماربکات؟



ئاگنیس مۆکنیس، کە شیکەرەوەیەکی کولتوورییە لە تەلەفزیۆنی NRK، لەو وەختەدا ڕۆژنامەنووسی کولتوریی بوو، کە لە ساڵی ١٩٩١ ڕۆمانەکە دەرچوو. ئاگنیس دەڵێت: کە من هەستدەکەم نەرویجیەکان ئێستاش لەوە تێنەگەیشتوون، کە چی لەو ڕۆمانەدا وای کردووە لە سەر ئاستی جیهان ئەوەندە زۆر بخوێنرێتەوە.
لە موحازەرەی بیۆگرافی نەرویجییدا، کە دەربارەی میراتی کولتووریی دەنووسرێت و مامەڵە دەکرێت، دەڵێت: لەوێدا دەتوانین ڕاستیەکان بزانین. لەوێدا نووسراوە، کە «ئەگەرچی ئەم ڕۆمانە کواڵیتیەکەی ئاشکرایە، بەڵام ئاسان نییە سەرکەوتنەکەی ڕوونبکرێتەوە.

**بەڕێزان ڕەنگە ئەم زانیارییانەش گرینگ بن، کە لە ژێر هەریەک لە وێنەکاندا نووسراون.**

**«جیهانی سۆفیا»**

**وێنەی یەکەم:** لەدەقە نەرویجیەکەدا ڕەسمەکە ئینجا سێ دێڕی یەکەم لەسەرەتاوە لە ژێر ڕەسمەکەی یوستەین گۆردەردا دانراوە.

**وێنەی دووەم:** بەرگی پەڕتووکە ئەسڵییەکەیە و ئەم دێڕانەی لەژێردا نووسراوە (لە مانگی دووازدەی ١٩٩٢، جیهانی سۆفیا، لە چاپخانەی ئاسکەهەوگ دەرچوو. چەند هەفتەیەکی کەم دوای ئەوە ١٠،٠٠٠ دانەی لێفرۆشرا.

**وێنەی سێیەم:**
لەلای ڕاستەوە، میا بوڵ گوندەرسەن یەکێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەبیی، کە نەک تەنیا یەکێ بوو لەوانەی تامەزرۆ بوو بۆ جیهانی سۆفیا، بەڵکو تەنیا دوو ساڵ دوای بڵاوکردنەوەی ڕانانە ڕەخنەئامێزەکەی لە ڕۆژنامەی داگێنس نارینسلیڤ، وەک بەڕێوەبەری مافی چاپکردن لە چاپخانەی ئاسکەهەوگ دەستی بەکارکردن کرد. یەکێک لەو پەڕتووکانەی، کە دەبوایە مافی چاپکردنەکەی بفرۆشێت، جیهانی سۆفیای یوستەین گۆردەر بوو.

**وێنەی چوارەم:**
لە ماڵی یوستین گۆردەر، کە خۆی هۆشیارە بەو سەرکەوتنەی پەڕتووکەکەی. مەتر لە دوای مەتر لە پەڕتووکخانەکەیدا وەرگێڕانەکانی پەڕتووکەکەیە. نووسەر شانازیی دەکات بەوە، کە جیهانی سۆفیا ئەوەندە دوور ڕۆیشتووە.

**وێنەی پێنجەم:**
بەڕێوەبەری پەڕتووکخانەی نیشتمانییی ئەسلاک سیرا میهرە، کە پێی وایە: بواری پەڕتووک لە نەرویج دەبێت زۆر سوپاسگوزاری یوستەین گۆردەر بێت، چونکە ئەگەر جیهانی سۆفیا نەبوایە نەدەبووە وڵاتی سەرەکیی لە پێشناگەی پەڕتووکی فرانکفۆرت لە ٢٠١٨.

**وێنەی شەشەم:**
بەرگی ڕۆمانی جیهانی سۆفیا بە زمانی سربی، کە یوستین گۆردەر خۆی زۆر ڕازی نییە لە بەرگەکەی.

**وێنەی حەوتەم:**
ئاگنێس مۆکنێس، کە شرۆڤەکاری کولتوورییە لە تەلەفزیۆنی NRK، دەڵێت: هەستێکی وام هەیە، کە هێشتا ئێمەی نەرویجیی لەوە تێنەگەیشتووین، کە چییە لە جیهانی سۆفیا دا وای کردووە، کە لە هەموو جیهاندا بخوێندرێتەوە.

**ئەمەی خوارەوەش چەند زانیارییەکە، کە لە ڕاپۆرتەکەدا لەسەر ڕۆمانەکە نووسراوە، بۆ ئەوەی نووسینەکە، یان بابەتەکە سەرنجڕاکێش و قابیل بە تێگەیشتن بکات، دەنووسرێت.**

**جیهانی سۆفیا**

- جیهانی سۆفیا ڕۆمانێکە بۆ گەنجان لە ساڵی ١٩٩١ لەلایەن یۆستەین گۆردەرەوە نووسراوە.
- ناونیشانی دووەمی ڕۆمانەکە «ڕۆمان سەبارەت بە مێژووی فەلسەفە».
- لە ساڵی ١٩٩٥ وەک پڕفرۆشترین پەڕتووک لە جیهاندا دانرا.
- دەزگەی چاپەکە دەڵێت پەڕتووکەکە وەرگێڕدراوەتە سەر ٦٤ زمان، ٥٠ ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە و فیلمیشی لێدروستکراوە. هەروەها میوزیک، یاری ئایپاد و یاری کۆمپیوتەریشی لێدروستکراوە.
- لە ٢٠١٥ دا جیهانی سۆفیا لەلایەن پارێزگاری ڤیەناوە سەتهەزار دانەی بەخۆڕایی لێدابەشکراوە.
- ئەم ساڵانەی دوایی ڕۆمانەکە لە چین لە لیستی پڕۆفرۆشترینەکاندا بووە.

***

**پەراوێزەکان:**

١- برگەیەک لە ڕانانەکەی هاریەت ئەیدە لە ڕۆژنامەی داگبلادە.

٢- برگەیـەک لـە ڕانانەکـەی میـا بـوڵ گوندەرسـەن لـە ڕۆژنامـەی داگێنسناریـنسـلیڤ.

سەرچاوە:
https://www.nrk.no/kultur/xl/sofies-vei-ut-i-verden-1.12975402